
## دۆمینیک حۆرانی بۆ گوڵان:

# ئێمەی هونەرمەند بە شتی ساختە دەورەدراوین





***زۆر کەس بە گۆرانیبێژی وروژێنەر ناوی دەبەن، بەڵام ئەو پێیوایە ئەوەی پێشکەشی دەکات جۆرێکە لە هونەر و ئافرەت بە سرووشتی خۆی بوونەوەرێکی وروژێنەرە، ئەویش هیچ شتێکی زیاد ناکات تاکو سەرنجڕاکێش بێت، جگە لەوەی کە جوانی خۆی نیشان دەدات وەك مێینە. بەر لە ماوەیەك ژیانی هاوسەری پێکهێنا و ئەوەی تێبینی دەکرێت ماوەیەکە زۆر چوست و چالاکە لە بوارەی کلیپ و سازکردنی ئاهەنگ و کاری هونەری، بۆیە لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

***دوای شووکردن هەست دەکرێ چالاکییە هونەرییەکانت زیاتر بوونە، هۆکاری ئەم چوست و چالاکییە چییە؟**

-رەنگە ئەمە بۆ ئەو ئاهەنگە زۆرانە بگەڕێتەوە کە لەماوەی ئەمساڵدا سازم کردوون، هەروەها بۆ چاوپێکەوتنی بەردەوامم لەگەڵ جەماوەرە خۆشەویستەکەم و ئامادەبوونیان لە ئاهەنگەکان و پێشوازی گەرمیان لە کارەکانم هۆکارێکی دیکەی ئەو چالاکییە زۆرانەیە.

*** هاوکاری نێوان تۆ و هونەرمەندی سووری عەلی ئەلدیك چۆن دروستبوو؟**

- عەلی ئەلدیك یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانم و زۆر حەز دەکەم کاری لەگەڵدا بکەم، لە کارکردنم لەگەڵیدا زۆر سەرکەوتوو بووم، چونکە خاوەن دڵێکی کراوە و باش و کەسایەتییەکی خۆشەویستە لای جەماوەر.

*** ئەم هاوکاری و کارکردنەی نێوانتان تاکەی بەردەوام دەبێت؟**

- جگە لەو ئاهەنگە زۆرانەی کە لەماوەی رابردوو بەیەکەوە سازمان کرد و بەردەوامیشن، ئێستا خۆمان بۆ دیۆیەکی نوێ ئامادە دەکەین و بە نیازی ئەنجامدانی چەند گەشتێکی هونەری جیاجیاین لە زۆربەی وڵاتان.

*** هەندێك لە هونەرمەندە عەرەبەکان سوودیان لە هونەری کوردی وەرگرتووە، تۆش هەوڵت نەداوە؟**

- ماوەیەك خۆم فێرە زمانی کوردی دەکرد و زۆریش حەزدەکەم گۆرانییەك بەزمانی کوردی بڵێم.

*** هاوسەرەکەت بێزار نابی لەو هەموو کار و چالاکییە هونەریانەی تۆ؟**

- هاوسەرەکەم دەربارەی هونەری من رای ئەوەیە کە هیچ کەسێك هەرچییەك بێت بۆی نییە دەست بخاتە نێو کاروباری منەوە بەهیچ شێوەیەك.

*** بەو سەرقاڵییە بەردەوامە چۆن گرنگی بە کچەکەت دەدەیت؟**

- پێموایە بوونی کچەکەم گرنگترین دەسکەوتە لە ژیانمدا، ئەو شتە راستەقینەیەی من دەمویست بۆم هاتە دی، چونکە ئێمەی هونەرمەند هەمیشە بەشتی

سـاخته و نادروست دەربارەی ژیان و خۆشـییەکانی ژیان دەور دراوین، لە هەموو گەشتە هونەرییەکانمدا کچەکەم لەگەڵ خۆم دەبەم، زۆر حەز لە شانۆ دەکات، بەڵام کاتێك دەست بە گۆرانی گوتن دەکەم لەلای دایکم بەجێی دەهێڵم.

*** رۆژانە چۆن دەست بە کارەکانت دەکەیت؟**

- وەك هەموو رۆژێك سەرەتا بە وەرزش ئینجا سەما و مەلەوانی و پایسکلسواری دەست پێدەکەم، بێگومان ئەمە جگە لەوەی رۆژانە گۆرانی دەڵێم.

*** بڕوات بە بورج هەیە؟**

-بەڵێ بڕوایەکی زۆرم پێی هەیە و دەزانم بورجەکەم کە شـێرە هەمیشە کەسێکی خاوەن چانسە.

*** ئەگـەر رۆژێکیان لـە بورجەکەتدا هاتبوو کە تووشـی رووداوێکی ناخۆش دەبیتەوە، کاردانەوەت چۆن دەبێت؟**

- کارەکانی خۆم زۆر بەشێوەیەکی سرووشتی ئەنجام دەدەم، بەڵام زۆر وریا دەبم و ئاگام لە هەنگاوەکانی خۆم دەبێ بۆ هەموو شتێك کە لە دەوروبەرم روودەدات.

*** ئایا راستە تۆ ئامۆژگاری ئەلیسات کردبوو بەوەی زوو شوو بکات بۆ ئەوەی دوا نەکەوێت؟**

-نەخێر راست نییە، بەهیچ شێوەیەك ئەم قسەیەم نەکردووە، چونکە ئێمە هاوڕێین و زۆر کەسـایەتی ئەلیسام خۆشدەوێ، چونکە کەسێکی زیرەك و سرووشتییە.

*** چی دەڵێی دەربارەی نەجوا کەرەم؟**

- بـەڕای مـن نەجوا کـەرەم بەبێ رکابەر باشـترین هونەرمەنـدە و دەرکەوتنی نەجـوا کەرەمم زۆر بەدڵە، چونکە وەك کەسـایەتی خۆی چوسـت و چالاکە، هەروەها مرۆڤێکی رۆشنبیر و تێگەیشتووە.

*** ژمارەیـەك هونەرمەندی لوبنانـی هاتوون و لە کوردستان ئاهەنگیان ساز کردووە، تۆش بیرت لەوە نەکردۆتەوە بێی بۆ کوردستان؟**

- بێگومـان زۆر حەز دەکەم بێم بۆ کوردسـتان و زۆریـش وڵاتی ئێوەم خۆشـدەوێ، هیوادارم هەمیشـە سـەرکەوتوو بـن لـە کارەکانتاندا.



**حەز دەکەم بە کوردی گۆرانی بڵێم**

**زۆر بڕوام بە بورجەکان هەیە**



# کەمال محەمەد ئێستاش دەڵێ نازە رقم لێ هەڵمەگرە



***سەرەتا لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێکی شاری سلێمانی دەستیان بە نوێکارییەك کرد لە گۆرانی کوردی کە زیاتر لە ستایلی رۆژئاواییەوە نزیك بوو هەرچەندە ئەو کات وەك پێویست خەڵك ئاشنای نەبوو، بەڵام هونەرمەند کەمال محەمەد بە گۆرانییەکانی توانی ئەم ستایلە رۆژئاواییە لای خەڵك خۆشەویست بێت و تەقەبولی بکەن تا رادەیەك بوو بە یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکان لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستان خۆی و گیتارەکەی ناسراو بوون و خەڵك ئاشنایان بوون، بێگومان گۆرانییەکانی ( وتم نازە رقم لێ هەڵمەگرە، کێ بوو، ئەم شەو جەژنی سەری ساڵە، ئای چ رۆژێکی شوم بوو، تۆ پەپولەی، کوڕی شیرینم مەترسە جێت ناهێڵم، ئاخ شیرینێ) و چەندین گۆرانی دیکە کە ئێستاش دەنگ و سەدایان دەچریکێتەوە لە هزر و بیری گوێگرانی، گۆرانییەکانی بە زیندوویی ماونەتەوە، هونەرمەند کەمال محەمەد دوای راپەڕین رووی لە غەریبی کرد، بەڵام هیچ کاتێك بە دڵ و دەروون لە کوردستان دوور نەکەوتۆتەوە، ئێستا هونەرمەند کەمال محەمەد بۆ چەند کارێکی هونەری لە کوردستانە، رووبەرووی چەند پرسیارێکمان کردەوە.***

*** ئێوە کاتی خۆی ستایلێکتان هێنایە نێو گۆرانی کوردی کە رۆژئاوایی بوو هەستتان بەچی دەکرد، ئایا دڵنیابوون لەوەی خەڵك پێشوازیتان لێدەکات و سەرکەوتوو دەبن؟**

- لەسەرەتادا رێز و سڵاو و خۆشەویستیم هەیە بۆ گۆڤاری گوڵان و خوێنەرانی. بۆیەکەم جار ئەو زەمەنە تیپی رۆژئاوایی لە سلێمانی دروست بوو، ئێمە کۆمەڵێك گەنج بووین کەوا سەرنجمان بۆ کارە رۆژئاواییەکان بە دیقەت بوو، ئەوەمان دەزانی کەوا دەکرێت ئێمە بەشێوەیەکی رەسەن کار لەو شێوازە هونەرییەدا بکەین و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بناغەیەك بۆ کارکردن لەو شێوازەی هونەری کوردیدا بدۆزینەوە و هەوڵماندا پاراستنی رەسەنایەتی یەکێك لە خەسڵەتەکانی کاری هونەری ئێمە بێت، بۆ ئەو زەمەنە ئەو شێوازەی ئێمە کارمان تێدادەکرد، ستایلێکی نوێبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی رەسەنایەتی هونەری کوردی بە کارەکانەوە رەنگی دابووەوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زوو هونەرەکەمان بچێیتە ناو خەڵکەوە و خەڵك بەپەرۆشەوە پێشوازی لە کارەکانی ئێمەی دەکرد.

*** ئەو زەمەنە تیپی مۆسیقای سلێمانی کۆمەڵێك بەرهەمی جوانیان پێشکەش کرد و پێوەندی ئێوە لەگەڵ ئەواندا چۆن بوو، ئایا تیپی مۆسیقای سلێمانی لەو زەمەنە دا توانیبووی ببێتە چەترێك بۆ کۆبوونەوەی تەواوی هونەرمەندانی سلێمانی؟**

- ئەوان کاری جوانیان کردبوو، بەڵام نەخێر نەبووە چەترێك بۆ کۆبوونەوەی هەموو هونەرمەندان، ئێمە خۆمان بە جوهدو توانای خۆمان خۆمان دروست کرد، بەڵام بەگشتی ئەو زەمەنە تیپی مۆسیقای سلێمانی کاریگەرییەکی جوانی هەبوو.

*** کەواتە کارکردنی ئێوە بۆ شکاندنی ئەو رێچکە هونەرییە تەقلیدییە نەبووە کە پێشووتر کاری لەسەر کراوە؟**

- نەخێر، بەڵکو ئامانج و هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بوو بەشێوازێکی

*دیمانە: سۆران مارف*









تر و بە ســتایلێکی جیاوازتر خزمەتی هونەری رەسەنی کوردی بکەین.

*** هونەرمەندەکان ئەو کات چۆن پێشوازییان لەو نوێکارییە کرد کە ئێوە لە سلێمانی کردتان؟**

- ئەو زەمەنە خەڵك بە پەرۆشــەوە پێشــوازی لەکارەکانــی مــن دەکــرد، چونکــە دەیزانی هونەرێك و ســتایلێکی نوێیە و هونەری ئێمە هونەرێکی ناوچەیی نەبوو، بەڵکو هونەرێك بوو کــەوا خزمەتی هەموو هونەری کوردی دەکرد، هونەرەکەم پێشکەشــی هەرچــوار ناوچەکەی کوردســتان دەکەم، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار ئەنانییەت هەبوو لەلایــەن خەڵکانێکەوە، بەڵام ئێمە بیرمان لەوانە نەکردۆتەوە هەمیشە بیرمان لەوە کردۆتەوە کاری داهێنەرانە بکەین و کارێك بکەین جەماوەر پێشوازی لێبکات و هونەرێکی نەمر پێشکەش بکەین.

*** ســلێمانی ئەوکات چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ ئێستا لەرووی کاری هونەرییەوە؟**

- سلێمانی جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەبواری هونەردا، ناتوانم بە دوو دێر باسی سلێمانی بکەم، سلێمانی لە زۆر رووەوە پێشەنگ بووە، سلێمانی لەهونەردا پێشەنگ بووە، هونەر لەسلێمانی دا گەشە دەکات، سلێمانی مەدرەسەی پێشکەوتنی ئەدەب و هونەر و رۆشنبیرییە.

*** گۆرانی (شــیرینێ) ئێســتا لەلایەن کچە هونەرمەندێکەوە دووبارە وتراوەتەوە، تۆ تا چەند ئاگاداری، ئایا راوێژی بەتۆ کردووە؟**

- مەریۆێ خان دانیشتووی وڵاتی سویدەو هات داوای لە من کرد کــەوا گۆرانییەکە جارێکی تر بڵێتەوە، هەرچەنــد گۆرانییەکە یەکەم جار هی مــن نییە، هونەرمەند ســالار ســەلمان وتوویەتی، بەڵام هونەرمەندی خۆشەویست کاك سالار ســەلمان منی ئازاد کردووە لە وتنەوەی ئــەو گۆرانییە و منیش ئەو کچە هونەرمەندەم ئازاد کرد لە وتنەوەی ئەو گۆرانییە، بێگومان ناتوانم رای خۆم بڵێم لەسەر گۆرانییەکە، بەڵام ئەوە بینەر و بیسەرە دەتوانن ئەو شایەتییە بدەن بۆ بەرهەمەکە، پێمخۆشــە ئــەو گۆرانییەی وتووەتەوە.

*** تێکســتەکە لە کوڕێکەوەیە بۆ کچ، ئایا کە پێچەوانە کراوەتەوە تاموچێژی خۆی ماوە؟**

- ئەوە بیسەر و بینەر دەتوانن شایەتی ئەو بدەن، بەڵام پێموایە کارێکی باشــی کردووە لەرووی دەنگ و ئەداوە.

*** چ هونەرمەندێــك هەیە کــە کاتی خۆی قســەیەکی کردووە ســەبارەت بەتۆ و تا ئێستا شانازی پێوە دەکەی؟**

- شــانازی بەهەمــوو هونەرمەندانەوە دەکەم، هەمووشــیانم خۆش دەوێت. ئەوانە دەیانەوێت خزمەتــی وڵات و نەتەوەکــەی خۆیان بکەن.

هەمیشە شانازی بەو قسانەی هونەرمەندی ئازیز و خۆشەویستم کاک عەتا ئەحمەد دەکەم، ئەو حەقێکی جوانی داوەتەوە من و سوپاسی دەکەم.

*** کەمال محەمەد لە ئەوروپا چۆن کاتی خۆی بەسەر دەبات و کە دەگەڕێتەوە کوردستان چۆن بەسەری دەبات؟**

- هەموو ئاوات و هیوامان ئەوەیە بگەڕێینەوە باوەشی خاك و وڵاتەکەمان، لەهەر جێگەیەکی ئەم دنیاییەبم لەخزمەتی هونەری کوردیدا کار دەکەم و وجوودم هەیە. جارێ بوار بۆ ئەوە نەڕەخساوە بە یەکجاری بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان بدەم.



*** ئەمجارە لە گەڕانەوەتدا هەگبەی هونەریتان چی تێدایە؟**

- پێش هاتنەوەم هاوڕێی خۆشەویستم کاک عەتا ئەحمەد جوابی بۆ ناردم کەوا کۆمەڵێك بەرهەمی نۆیی بۆ ئامادە کردووم تاوەکو بیکەینە سیدییەك و پێشکەشی هەوادارانی هونەری کوردی بکەین. ئێستا سەرقاڵی هەنگاونانین بۆ ئامادەکردنی ئەلبومێکی هونەری نوێ و وا گۆرانییەکان لە تەواو بووندایە، سیدییەکە بریتی دەبێت لە هەشت گۆرانی نوێ، دوو گۆرانیان من هونەرمەندی هاوڕێم کاک عەتا پێشکەشی دەکەین، شێوازی کارکردنمان بەو ئاراستەیەیە کەوا پێشووتر کارمان بۆ کردووە، واتە هەمان ستایلی پێشووتر ڕەنگدانەوەی بەسەر کارەکانمانەوە هەیە.

*** بە راشکاوی پێت دەڵێم زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن گلەیی ئەوەیان هەیە کەوا تۆ لێدوان و دیمانەی تایبەتیان لەگەڵدا ناکەیت، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- سوپاسی هەموو دەزگاکانی راگەیاندن دەکەم، بەڵام ئەوکاتە گرنگە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەربکەوم کە پەیامێکی هونەری نوێم هەبێت، ئەوەی من دەمەوێت بەقسە بیڵێم زۆر جوانترە بەکاری هونەری بێت. هەندێك جاریش ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئێمە دەکرێت زۆر تەقلیدن و زۆرجار ئەو پرسیارانەمان لێکراوەتەوە.

***زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکانی کە پێشکەش دەکرێن زوو دەچنە ناو خەڵکەوە، کەچی زوو دەمرن تۆ ئەمە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بەرهەمی هونەری کوردی ئەگەر لە روحێکی هونەریی رەسەنەوە هاتبێتە بوون، ئەوا مردنی زەحمەتەو بە پێچەوانەشەوە ئەوەی لەناو کوردا بمێنیتەوە، ئەو بەرهەمانەن کەوا هونەری بێخەوش و رەسەنن. هەمیشە کاتێ لەگەڵ موزیك ژەنێك بڕیاری کارێکی هونەری دەدەم پێیان دەڵێم دەبێت رۆحی بەرهەمەکە بەرهەمێکی رەسەن بێت.

*** تا چەند لەگەڵ نوێکردنەوەی بەرهەمە هونەرییە رەسەنەکانیت؟**

- بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ نوێکردنەوەی بەرهەمە رەسەنەکان نیم، لەبەر ئەوەی پێموانییە هەرگیز بتوانین لەوان کارەکان جوانتر بکەین. ئەو هونەرمەندە رەسەنانەی ئێمە رەنگە بە جەستە مردبن، بەڵام پێموایە هەمیشە لەبەر چاوی ئێمە زیندوون و بەرهەمەکانیان لەناو هەست و ئیحساسی ئێمەدا وجودی هەیە. ئەوان زۆر بەزیندوویی ماونەتەوە و لە رۆحی ئێمەدا دەژین.

*** هەندێك جار هونەرمەندان خۆیان لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکەنەوە، بەڵام کەمال محمەد لای خەڵکی شارەکەی خۆی بە کەسێکی سادەو ساکار ناسراوە، ئەمە سرووشتی تۆیە یان چی؟**

- ڕێزم بۆ هەموو لایەك هەیە منداڵی کابرایەکی هەژار بووم و بەهەژاری گەورە بووم، لە بنەماڵەیەکی سادە و ساکار هاتوومەتە دنیاوە، ئەوە سرووشتی منە. چا خواردنەوەی لاکۆڵانێکی شارەکەی خۆمم پێخۆشترە لە چا خواردنەوەی کافتریای باڵەخانە گەورەکان، هەمیشە حەزم بە تێکەڵاوی خەڵکە و هەمیشە حەزم لەو کۆڵانانەیە کە کاتی خۆی تیایدا ژیاوم .

*** بە راشکاوی پێمان بڵێ جیاوازی خۆشەویستی لەکوردستان و ئەوروپا لە چیدایە؟**

- ژیان بە خۆشەویستیەوە جوانەو عەشق و خۆشەویستی کاریگەری خۆی بەسەر بەرهەمەکانمەوە هەبووە. خوشەویستی لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بێت بەهاو نرخی خۆی هەیە.

# نارین فەقێ:

# کۆپی کردن هەر دەمێنێت

*نارین فەقێ کچی هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان (جودی)یە، هەر بۆیەش کاریگەری باوکی بە ئاشکرا بەسەرییەوە دیارە، رەنگە ئەمەش یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە وایانکردووە نارین هونەرێکی کوردی رەسەن پێشکەش بکات. ماوەیەکە بێدەنگە، دوای بڵاوکردنەوەی دوایین بەرهەمی خۆی بۆیە بە پێویستمان زانی بە چەند پرسیارێك بەسەری بکەینەوە.*

*** بۆچی ماوەیەکە بێدەنگی؟**

- هۆکاری بێدەنگی من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرقاڵی کاری ئەلبوومێکی نوێم، وەکو پرۆژە کارەکانم تەواو کردووە، تەنیا تۆمارکردنی دەنگ ماوە کە بەمزووانە ئەویش کۆتایی پێدێت و ئەلبوومەکەم ئامادە دەبێت، نزیکەی دوو ساڵە خەریکی هەڵبژاردنی گۆرانیم بۆ ئەم ئەلبوومە نوێیە بۆ ئەوەی خزمەتی هونەری رەسەنی کوردی پێ بکەم، هەروەها لە سوید جگە لە کاری هونەری، لە بواری یاساییدا لە فەرمانگەی کۆچی سویدی (سویدش میگرایشن بۆرد) لە بواری پەنابەران کار دەکەم.

***دوای ئەوەی هونەرمەند (جودی)ی باوکت سەردانی کوردستانی کرد بیری لە دووبارە ئەنجامدانەوەی کاری هونەری نەکردۆتەوە؟**

-دیارە (جودی)ی باوکم بیری لەوە کردۆتەوە و پرۆژەی ئەلبوومێکیشی هەیە کە بڵاوی بکاتەوە، زۆربەی جار ئەو سەرپەرشتی کارەکانی من دەکات وەك بەرێوەبەری کارە هونەرییەکان و زۆریش هاریکاریم دەکات.

*** تۆ گۆرانییەکت بۆ ئافرەتی کورد گوتووە، نیازی ئەوەت نییە ئەم ئەزموونە دووبارە بکەیتەوە؟**

- بێگومان لە داورۆژدا ئەمە دووبارە دەبێتەوە لە ئەلبوومێکی تردا، ئامانجی هونەرمەند ئەوەیە لە هەر ئەلبوومێکدا شتێکی نوێ پێشکەش بە جەماوەری خۆی بکات، منیش لە ئەلبوومی داهاتوودا ئەم کارە دەکەم.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە شیعری کلاسیکی بکەیت بە گۆرانی؟**

- لە ئەلبوومی داهاتوومدا گۆرانییەکی کلاسیك دەبێت، من بە گۆرانی کلاسیکی دەستم پێکردووە، بەڵام لە ئەلبوومەکانی پێشووم وەك پێویست گۆرانی کلاسیکی تێدا نەبووە، چونکە من حەز دەکەم شتی نوێ پێشکەش بکەم، ئەگەر گۆرانی نوێ بۆ هونەرمەند سەرمایە بێت ئەوا گۆرانی کلاسیکیش زۆر گرنگە و کاری داهاتووم بۆنی کلاسیکی لێوە دێت بۆ گوێگران.

***چی دەڵێی بەو هونەرمەندانەی گۆرانی کلاسیك پێشکەش دەکەن؟**

- گۆرانی کلاسیکی بناغەیە و پێویستە ئێمەش لە کلاسیکەوە دەستپێبکەین و لە بیری نەکەین، ئەگەر ئێمە لە گۆرانی کلاسیکەوە دەست پێنەکەین وەك هونەرمەند ناتوانین ستایلی تایبەتی خۆمان پەیدا بکەین، من لێرەوە دەستخۆشی لەو هونەرمەندانە دەکەم کەشیعری کلاسیك زیندوو دەکەنەوە.

*** گۆرانی فۆلکلۆری چ کاریگەرییەکی لەسەر نارین فەقێ هەبووە؟**

- کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، ئەگەر گۆرانی کلاسیك و بناغەی هونەری خانەوادەکەم نەبوایە من نەمدەتوانی ئەمرۆ گۆرانی بڵێم و ستایلێکی تایبەت بەخۆم هەبێت، گۆرانی کلاسیك و فۆلکلۆر کاریگەرییەکی زۆری بەسەر منەوە هەبووەو بەشێکە لە مێژووی نەتەوەی کورد و گرنگ کە هیچ هونەرمەندێك ئەمە لەبیر نەکا.

*** بەر لەوەی سیدییەکی پێشووت بڵاو بکرێتەوە پێشبینی ئەوەت کردبوو کۆپی بکرێت، چۆن دیاردەی کۆپی کردن پێناسە دەکەی؟**

-راستە سیدییەکەی من کۆپی کرا، مخابن ئەم دیاردەیە تەنیا لە کوردستان نییە، بەڵکو لە جیهان بە گشتی گرفتێکی گەورەیە و بۆ چارەسەرکردنی پێویستی شێوەی بیر کردنەوەی خەڵك بگۆڕین و پێویستە گوێگرانی هونەری کوردی ئاگاداری گرفتەکانی هونەرمەندی خۆی بێت و بەرهەمە ئۆرجیناڵەکانی بکرێت، چونکە ئەگەر یاسایەکیش دەربچێت چارەسەری گرفتی کۆپی ناکات پێویستە خەڵك ئەو رۆشنبیرییەی هەبێت و خۆی لە کۆپی دوور بخاتەوە و گوێی لێنەگرێت.

***پێت وایە هەر سەردەمێك موزیکی تایبەت بە خۆی هەیە کە جیاوازە لە سەردەمێکی تر؟**

- موزیکی جیهانی و نۆتەی موزیك هەمووی هەر یەکە، کاتێك مرۆڤ فێرە ئامێرێکی موزیك دەبێت چ لە کوردستان بێت یان لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان زمانی موزیك و نۆتەکانی هەر یەکە، بەڵام کە هەر وڵاتێك بە ئاواز و شیعرەکانی و زمانی خۆی دابنێت ئەوا بێگومان تا رادەیەك جیاوازی دەبێت،بەڵام نۆتە هەر نۆتەیە لە هەموو جیهان.

کاتێك هونەرمەند حەز لە موزیك دەکات ئەوا حەز لە موزیك ناکات لە شوێنێکی دیاریکراو بەڵکو هی هەموو جیهان جا رۆژئاوا یان رۆژهەڵاتی بێت جیاوازی نییە و موزیك هەر موزیکە و هەر جوانیشە.



www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

# دڵخۆشە بە دوور کەوتنەوەی لە پیاوان

ئەکتەری ئەمریکی کیم کارداشیان لە دیمانەیەکدا دەڵێ: پێموایە هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم کاتێك لە پیاوان دوور دەکەومەوە و پێویستم بە پیاو نییە بۆ ئەوەی بگەم بە ئاواتەکانم.

لە چوارچێوەی ئەو دیمانەیەدا ماڵپەری کۆنتاکت میوزیك کە تایبەتە بە هەواڵی ناوداران ئاشکرای کرد کیم کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ یاریزانی ئەمریکی ریجی بوش و یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ هەبووە، پێیوایە زۆر دڵخۆشترە کاتێك بە تەنیا دەژی، بەڵام بڕوای بەوە هەیە کە رۆژێك خویستی راستەقینە دەدۆزێتەوە ئەمەش رەنگە جۆرە تاموچێژێکی زیاتر بە ژیانی ببەخشێت، چونکە تا ئێستا خۆشەویستییەکی راستەقینەی نەدۆزیوەتەوە کە بتوانێت هەست بە ئارامی بکات.





# سەرنجڕاکێشترین هونەرمەندی

لەڕاپرسیەکدا کە لەلایەن ڕۆژنامەیەکی مەغریبی ئەنجامدرا هەیفا وەهبی بە سەرنجڕاکێشترین هونەرمەندی عەرەبی داندرا و توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، جگە لە هەیفا ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی عەرەبی و لوبنانی بەشدار بوون لەو راپرسیەدا لەوانە ئیلیسا و مەریام فارس و چەندانی دیکە، لەو ڕاپرسیەدا زۆربەی هونەرمەندان پاڵێوراو بوون و بە ڕێژەیەکی بەرچاو جەماوەر بەشداریان کرد بۆ دەستنیشانکردنیان.

پێویستە بگوترێ کە هەیفا ئەمە چەندین جارە نازناوی سەرنجڕاکێشترین ئافرەت بە دەست دەهێنێت چ لەسەر ئاستی عەرەبی یان جیهان



عـەرەب

# ڕەخنە لە لەتیفە دەگیرێت

ژمارەیەکی زۆر لەهەواداران و خۆشەویستانی لەتیفە لە سەر تۆڕی ئینتەر نێت داوایان لێکرد ئەو کچە ئازاد بکات کە ناوی لەخۆی ناوە"شێتی لەتیفە" و ڕەخنەیان لێگرت سەبارەت بە بڕیاری زیندانیکردنی ئەو کچە. نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا کچێك توانی ژمارەی لەتیفە وەربگرێت و زۆر تەلەفۆنی بۆ دەکرد، نامەی بۆ لەتیفە دەنارد و ببوو بە هۆی بێزارکردنی. ئەمەش وای کرد لەتیفە لەدادگا داوایەك لەسەر ئەو کچە تۆمار بکات بە بیانووی ئەوەی وێنەی ناشیاوی بڵاو دەکاتەوە لەسایتەکانی ئینتەرنێت و زیانی بەناوبانگی لەتیفە گەیاندووە.



# ئەلیسا لە زەماوەندی خۆی چ دەکات؟

کچە هونەرمەندی لوبنانی ئەلیسا لە دیمانەیەکیدا لە بەرنامەی (حدیث البلد) رایگەیاند کە ناکۆکی نێوان خۆی و هەیفا وەهبی بەو شێوەیە گەورە نەبوو، بەڵام میدیاکان زیاتر لە پێویست گەورەیان کرد و ئێستاش زۆر ڕێز لە یەکتر دەگرن و هیچیان لەنێواندا نەماوە، سەبارەت بە نانسی عەجرەمیش گوتی: نانسی کەسێکی زۆر خۆشەویست و نزیکی منە و پەیوەندییەکی زۆر بە تین لە نێوانماندا هەیە و بەردەوام ئاگامان لە یەکترە، ئەلیسا ئەوەشی درکاند کە لە زەماوەندی خۆیدا گۆرانی دەڵێت و مەرجیش نییە هاوسەرەکەم لوبنانی بێت، چونکە من لە ژیان زۆر شت فێربووم و دەبێ بە دیدێکی گشتییەوە لە ژیان بڕوانم و زۆر ئاساییە کەسێکم خۆش بوێت کە لەسەر ئایینی منیش نەبێت.



# وەڵامی ڕەخنەگرانی دایەوە



لە چوارچێوەی چالاکیەکانی فیستیڤاڵی سینەمایی ئەسکەندەریە لە وڵاتی میسر، ڕۆژنامەنووسان سیرین عەبدلنوریان خستە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە بە پرسیارەکانیان بەجۆرێك زۆر نەمابوو سیرین بگرییێت، بەڵام لەدواساتەکاندا توانی بەرگە بگرێت. ڕۆژنامەنووسان رەخنەی ئەوەیان لێگرت کە هیچ لەبواری نواندن نازانێت و باشتر وایە تەنها گۆرانی بڵێت و بەشداری کاری نواندن نەکات، لەو ماوەیەشدا کە بەشداری چەند فیلمێکی کردووە هیچ داهێنانێکی نەکردووە. سیرین وەڵامی ڕەخنەگرانی دایەوە و وتی "چاوەڕوانی ئەوە بووم دەستخۆشیم لێ بکرێت نەك ڕەخنەم ئاراستە بکرێت، ئەگەر فیلمەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە ئەوا تەنها بەهۆی منەوە نییە، دەرهێنەر و چەندین ئەکتەر هەن نەك تەنها من و ئەوانیش وەکو من بەشدارن لە فیلمەکە بۆچی ئەگەر سەرکەوتوو نەبێت تەنیا من بەرپرس بم.